# بەرەو رۆما...!

كەیهان عەزیز
kayhanaziz@maktoob.com

ئەورۆ،هەر هێندەی کەزانیمان لە مەرزی تورکیە رزگارمان بووە،بیژەن لەخۆشیدا پێی زەوی نەدەگرت!.
هێندە بەکەیف بووکەخۆشحاڵی وەسف نەدەکرا،سیماو روخساری لیورێژی شادمانیەکی بیوێنە بوون!.
منیش لە بێدەنگیەکی سەرسورهێنەری قووڵدا مەلەم دەکرد!.تا لەناکاو بیژەن بەسەرزەنشتەوە، وتی :"چیە،هەر کەسێک لەشوێنی تۆ بووایە خۆشترین کات و لەحزەی زندگی دەبوو.چما مات وسەرتاپات غەرقی دیپرێستیە!،من چەند رۆژێکە دەتناسم، ،بەشێوازی قسەکردن و رەفتارتا، بەوەی کەتێکەڵمان نابیت، پێدەچێت کەسێکی دەوڵەمەند یان خوێندەوار بیت،لەوەناچێت وەک ئێمەومانان بیت".
منیش وتم:
"وا نیە،گەر دەوڵەمەند بوومایە،وەک تۆ بەپێ نەدەکەوتمە رێ ،خوێنەواریش بەدەردی چیم دەخوات".
کەوایە تۆ پارەدار نیت، وەلێ قسەکانت لەهی دکتۆر و ئەندازیارەکان دەچێت.
بە زەردەخەنەیەکەوە وتم:" ئاخر بۆچی منت خستە ریزی ئەوانەوە،خۆ لای ئێمە دکتۆر و ئەندازیارەکان لەبواری پسپۆری کارەکانیان زیاتر ،دەنا شتێکی وا شک نابەن!".
براکەم واز لەم قسانە بێنەو بۆچی دڵخۆش نیت؟
دڵتەنگ نیم، نیگەرانی ئایەندەم .
ئایەندە لەمە باشتر،هەرچی ئومێد و خەوەکانتە دێنەدی!.هەڵپەرە،تادەگەینە ئەوێ نەخشەو پلانی ئایەندەت دارێژە!.

نەخشەو پلانی ئایەندە بەگوترە دانارێژرێت.ئێمەیەک ،کەرابردوومان هیچ بووە،سەختە ئایەندەیەکی پووچ و نادیار مان نەبێت. ئێستاش کەدەڵێیت "هەڵپەرەو ئایەندە لەمەباشترە!"،تۆ دەزانیت ئێستاکە لەکوێداین؟،پاش چەند ساتێکی تر چیمان بەسەر دێت؟،زمانی ئەم وڵاتە دەزانیت؟،پارەی دوو ژەم خواردن و بەستەیەک سیگارت پێیە؟.ئێمە،وەک پارچەی سەرئاوکەوتووی ئەو قایغە نوقم بووەین،شەپۆلەکان بەرەو هەرکوێیەک بیانەوێت ئاراستەیان دەکات.ئەوە نەبێت لەو دۆزەخ و کەلاوەیە رزگارمان بووە،دەنا چیمان دەستکەوتووە؟.
بیژەن بەسەرسورمانەوە وتی"چەند مرۆڤێکی سەختیت،دنیات زۆر بەقوورسی گرتووە،ئەرێ لەکوردستانیش وابوویت!؟".
ئەدی چۆن بووم؟. لەو رۆژەوەی بەدنیای پەرتووک وقوتابخانە فەلسەفی وئەدەبیەکانی بیری هاوچەرخی ئەوروپا ئاشنا بووم، تادەهات کلتوور وئەقڵیەتی ئەوکۆمەڵگایەم (کوردستان)لەبەر چاو دەکەوت.تەنانەت جیاوازی بیرورا،گرفتەکانمی لەگەڵ ماڵەوەشدا چەند بەرابەر کردبوو.ئەوان هەمان سازیان لێدەدا،کەلەکۆمەڵگەی کوردەواریدا لێدەدرا، منیش چێژم بەو ریتمە نەدەشکا و فاسیلەی نێوانیشمان تا دەهات بەخێراییەکی سەرسوورهێنەر زیاتر دەبوو. کاتێ لەسەفەری پەرتووک وتێکستەفەلسەفی و ئەدەبیەکانی ئەوروپا دەگەرامەوە ئیدی جێ و شوێنێ بۆ قوتابخانەساختە بێ قەڵەم وتەختەسرەکانی لای خۆمان نەدەمایەوە و دووچاری تەنهایی و نامۆبوونێکی کوشندە دەبووم.نامۆبوون لەدایک، لەباوک،لەخێزان،لەو کەلاوەیەی کەناوی وڵاتی لێنرابوو،لەو کۆمەڵگایەی بێئاگایانە وەچەی دەخستەوە،بێئەوەی پێناسەی ژیان ،پەروەدە وخێزان،ئەشق وسۆز،رابردوو وئێستا وئایەندە بزانێ چیە!.ئێمە تەنها نەوەی قوربانیکراوی دەستی دیکتاتۆریسیاسی وئایدیۆلۆژەیەکان نەبووین،بگرە بەر لەوانە

**قوربانی دەستی دیکتاتۆریەتی کلتورومەزهەبێکی ژەنگ هەڵهاتوو و سەقەت بووین.کەم نەبوون ئەو ساتانەی دەیەها کوڕ وکچ عشقیان لێدەچۆڕا و نەک هەر پۆلیس بگرە لەترسی کۆمەڵگا و ماڵیشەوە دەبوا خۆشەویستیان وەک سیاسەت بەنهێنی بکردایە!.لەڕووی سیاسەتەوە دەوڵەت دیکتاتۆر و چەتە بوو مافی هێزە سیاسیەکانی تری دەخوارد،لەگەڵ نەیارانیدا لۆژیک وفەرهەنگی سڕینەوەی بەکار دەبرد.لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە،دڵداران ناچار بە دڵداری ژێرزەمینی دەکران، تاخۆیان لە ئەقڵیەتی سەقەت و دیکتاتۆریەتی کلتور ومەزهەبی کۆمەڵگا بپارێزن .**

**بورە، تۆ کەهێندە پەرێشان بوویت،نەدەبووا ئێستاکە لەخۆشیدا باڵت بگرتایە!؟**
**من کەسێکی یاخی وشەکەت وماندووم،مرۆڤێک کەخوێندنەوەی ئەو پەڕتووکانە، پۆخڵەواتی سیاسی،کۆمەڵایەتی ،ئابووری ئەو کەلاوەیە تاسەرئێسقان نامۆی کردووم.هەمیشە دایک وباب ودەڵاڵەسیاسیەکان پێیاندەووتم"تۆ لەکەس ناچیت تەنها لەخۆت" یان دەیانگووت " چما قسەی ماقوڵ بەگوێتا ناچێ ؟".**
**کاتێک بەلۆژیکی مۆدێرن وەڵامم دەدانەوە و دەمیانم قفڵ دەکرد،چاوەڕێبووم ،گۆڕدرابێتن!، وەلێ بۆ ڕۆژی دوایی دەهاتنەوە سەر هەمان تاس وهەمان حەمام، گۆڕانی چی !. زۆر جاران کەسەرتاپام لێوڕێژی بێئومێدی دەبوو،پووریکم، کە نمونەی ژیانم بوو، گاهێک بەلۆژیک،گاهێکی تربە بزەی قەشەنگی لێوەکانی، بەئایەندەی گۆڕان وپێشکەوتنی کۆمەڵگا دڵنەوایی و ئومێدواری دەکردم.هەمیشە دەیگووت"کورد گا نییە،هەمیشە لەپێستێکدا بمێنێتەوە!"بۆیە خەمی ئایەندە مەخۆ!. کەچی ئەویش لەناکاو، بە خۆکوشتن وەڵامی ئەو بێزاری و نامۆیی ویاخیبوونەی کەکلتوور و مەزهەب وئەقڵیەتی کۆمەڵگا دووچاری کردبوو،دایەوە!.ئێستاش دڵ بەچی خۆشکەم ،بەو ئایەندە نادیارەی کە هەرگیز یەخەمان بەر نادات؟**
**بێژەن کەفرمێسک لەچاوەکانیدا قەتیس ببوو سەری نایەوە و تا بەیانی و هیچی نەوت.**

**ڕۆژی دوایی ،بێدەنگیەکی غەمەنگیز باڵی بەسەر بێژەن دا کێشابوو.دیار بوو، لەبازنە و تەلیسمی قسەکانی شەوی ڕابردوو ڕەهای نەبوو.بۆیە پەنام بردە بەردڵنەوایی وشۆخی کردن لەگەڵیدا،تا هێنامەوە دۆخی جارانی.**

**لەسەنترالْ ستاسیۆنی شارێک کەناوەکەیمان نەدەزانی، بەرەو ڕۆما (بەترێن)وەڕێکەوتین.لەترسی کۆنترۆڵی تیکت،بڕیارمانداهەریەکەمان لەئاودەستی فارگۆنێ(کوپە)ێکدا خۆمان بشارینەوە.شۆخ وشەنگی کچێکی تیشێرت سپی کەڕانە سپیە بلووریەکانی لەمینیژۆبە شینەکەیدا نمایش دەکرد، سەرنجیان ڕاکێشام و هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی بەرەو ئاودەستەکە مل بنێم!. تینوانە دەمڕوانیە سەرتاپای ،زەردەخەندەکانی منی سەرمەست کردبوو و تەواوی ماندوێتی ڕێگامی بەفەرامۆشی سپاردبوو!،هێندە شۆخ وشەنگ بوو کەدەتگووت ،خوا بۆ خۆی ئافەراندووە!،من زۆمم کربووە سەری ولەتەماشاکردنی تێر نەدەبووم. ئەویش زەردەخەنە و تیشکەنیگاکانی حاڵەت وگوزارشتێکی دیکەیان بەخۆوە گرتبوو!.هەندێ جار وامدەزانی،بەزەیی بەمنی سەرتاپا پەرێشاندا دێتەوە، بۆیە وا بەنیگاکانی بەسەرمدەکاتەوە.هەنێ جاری تریش وامدەزانی ،لەدنیادا پیاو بڕاوە من نەبێت ،بۆیە دەیەوێت بەنیگاکانی من بخاتە ئامێزیەوە.لەم داڵغانەدا بووم،لەدوورەوە سیمای کۆنترۆڵچی تیکتەکەم بینی .لەترساندا گوورج بەقەڵەم بازێک خۆمهەڵدایە ئاودەستەکەوە،تا نزیکەی نیوسەعاتێک نەهاتمە دەر.کەهاتمە دەر، کچە لەوێ نەما بوو!**

# ئێره ڕۆمایه!

ترێنەکە پاش ماوەیەک گەیشتە جێ وتابلۆکان نیشاندەری ستاشیۆنی ڕۆمایان دەدا. پیادەبووین. دیسان بیژەن لەخۆشیدا پێی زەوی نەدەگرت. بەپرسیار ئادرەسی ئەو پارکەی کورد وئەفگانی وئێرانیەکانی لێبوون، دۆزیەوە . زۆرمان برسی بوو،هەرچەندە گەڕایین دۆست وئاشنایەک ببینینەوە،بێهوودە بوو و ئەو شەوە بێخواردن سەرمان نایەوە.. بۆبەیانیەکەی لەکەلیسایەک نانمانخوارد، بیژەن کەتێر بوو ستایشی مەسیحی دەکرد و کەوتە بەراوردکردن لەنێوان مزگەوت وکەلیسادا و دەیگووت"ئەمەحاڵی کەلیسایەو ئەم هەموو خواردن وکۆمەکەی خەڵک دەکات،کەچی مزگەوتەکانمان لەبری کۆمەک بوونەتە پایگای توندڕەوی و گەر واشنەبێت ئەوا هەر بۆن ئاودەستەکانی پیاو دەکووژێت!

پاشان ، بە ئومێدی پەیداکردنی کار، کەوتینە جادە پێوان.هێندە گەڕاین وپرسیارمانکرد تا بێزار و وەڕز بووین،سەرەنجام ئێوارە بەناکامی بەرەو پارکەکە گەڕاینەوە.کە شەو داهات ودنیا تاریک بوو،خەڵکانی ئەو پارکە جم وجۆڵیان تێکەوت .ئەمیان، مۆتۆرسەوارێکی گەنج سەریدەخست ،ئەویان، فیاتێک سات وسەودای لەگەڵ دەکرد,ئەویان مشتومڕی لەسەر ئەو بڕی پارە کەمە بوو کە کابرای ئیتالیایی دەیویست بیداتێ و،دەیگووت:"ڕاستە تۆ دەتوانی بەنرخێکی هەرزانتر کەسێکی بەساڵاچوو بەریت ،بەڵام من گەنجم، دەتوانم وەک پێری شەو بەجوانی و بەدڵی خۆت لێتخووڕم(سێکست لەگەڵدا بکەم)،لەبەر ئەوە ئەو نرخە بۆ من دەست نادات!.

هەر کەسێ لەگۆشەنیگایەکەوە، ژیانی کەسانی ئەو پارکەی بخستایەتە ژێر زۆمەوە،بەئاسانی دەگەیشتە ئەو سەرئەنجامەی، کەزووربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەو پارکە کاریان لەشفرۆشی و هاوڕەگەزبازیە. هەر ئەمەش وایکرد،بڕیار بدەین ئیمشەو نەبێت،چیدی لەوێ نەخەوین.

ڕۆژی دووایی بیژەن لەکەلیسا مامۆستا هیوای بینی.ویستی قسەی لەگەڵدا بکات وەلێ لەچاوتروکانێکدا دیار نەما!، بۆ ئێوارە پارکێکی خنجیلانەی چۆڵمان بۆ خەوتن دۆزیەوە.کاتژمێر 10 شەو بوو،پیاوێکی پیر بە خۆی وکارتۆنێکەوە خۆیکرد بەناو پارکەکەدا.تا نەهاتە نزیکمانەوە نەمانزانی هیوای مامۆستای بیژەنە. مامۆستا هیوا لەسەرەتادا دەیویست وا نیشان بدا،کەبیژەن ناناسیت.بەڵام دووایی بیژەن هێندەی ناوی برا وخزم وکەس و ناونیشان پێگووت، کەمامۆستا نەتوانێت خۆی لێ گێل بکات.مامۆستا هیوا بەساردیەکەوە وتی"ئەوە چۆنە ئێرەتان دۆزیووەتەوە و بۆچی لەپارکەکەی ئەولا نەخەوتن؟"

_لەڕاستیدا ئەوەی دوێنێ شەو لەو پارکەدا بینیمان بڕوا ناکەین لەهیچ فلیمێکدا ببینیێتمان.هەر شەو داهات کەسێک نەما خەریکی لەشفرۆشی نەبێت،ئەمە بۆ ئێمە زۆر سەیر بوو،بۆیە هەر ڕۆژ بووەوە بڕیارمان دا لەوێ نەمێنین و هاتینە ئێرە.وابزانم تۆیش لەبەر هەمان هۆ لێرەیت ؟

بەساردیەکەوە وتی"بێگومان ،بەڵێ".

ئەو شەوە تا 12 شەو لەگاڵ مامۆستا هیوادا قسەمان کرد، تا وتی "درەنگەو دەچم دەخەوم".ئێمەش هەر یەکەمان لەگۆشەیەکدا مقبایەکمان داخست و لێی خەوتین.

من خەوم سووک بوو،جار جارە ماشێنم دەبینی وڕانەندەکەی وەک ئەوانەی پارکەکەی دوێنێ شەو خەریکی سەرەتاتکێ ومقۆ مقۆ بوون.سەیریش لەوەدا بوو پارکەکە کەسی تری، جگە لە ئێمەو مامۆستا هیوا لێنەبوو!. سەرم نایەوە وخەوتمەوە ،دەورووبەری کاتژمێری 3 بوو،بۆ میزکردن هەڵسام .دیتم مامۆستا لەجێگاکەی نەماوە،کاتێک سەیر دەکەم لەسەر پیادە ڕەوی خیابانەکە دانیشتووە، چوومە لایەوە و ووتم"چیە مامۆستا بەخەبەریت؟"

**_بەڵێ خەوم زڕاوە،ناچار سیگارێکم ڕۆشنکردووە وبەشکم دوایی بتوانم بخەومەوە"**
**"2ماشێن لەو ناوە سەرەتاتکێیان بوو،ڕانەندەی یەکێکیان دابەزی و جۆرێک لەگەڵ مامۆستادا قسەی دەکرد کە بیناسێت.مامۆستاش خێرا وتی با بڕۆین بخەوین قسە لەگەڵ ئەم سەرخۆشە نەکەین!**
**5 ڕۆژێک وا گوزەرا و،هەموو شەوێکیش، نەخەوتنی مامۆستا ودانیشتنی لەپیادەڕەوەکەدا، بۆم ببووە پرسیار!**

## گەڕان بۆ کار!

**ئەمڕۆ هێندەبەشوێن کاردا گەڕابووین،زۆر ماندوو بووین. بۆ شەوەکەی هەر زوو خەوتین.نیوەشەو دەنگی ماشێنێک وەخەبەری هێنام،پاشان مۆتووری ماشێنەکە خامۆش بوو،دەنگی پێیەک تادەهات نزیکدەبووەوە.لەشوێنی خۆم بەئەسپایی ووردبوومەوە ،دیتم مامۆستا لەجێگاکەی نەماوە!کاتێک هەڵسام بزانم لەکوێ یە دیتم لەگەڵ کابرای سەرخۆشی چەند شەو بەر لەئێستا خەریکی قسەکردنن!. بۆبەیانی بیژەنم بێدارکردەوە تا زوو بچین بۆ کار بگەڕێین،کەچی وتی"تاقەتی گەڕان بەشوێن کارمدا نەماوە.**

**دوو ڕۆژێک بوو بێژەن،کێچ کەوتبووە کەوڵی ، مقۆ مقۆی ئەوەی بوو،کەئیدی توانای برسیبوونی نەماوەو بیر لەوە دەکاتەوە ،وەک کوردوئەفگانی وئێرانیەکانی...دیکە، دەستدەکات بەکاری هاوڕەگەزبازی.تەنانەت هەندێ جار بەشۆخیەوە دەیگووت: "گەر دەستکەم بەم کاسپیە ،بازاڕی زۆربەی گەنجانی ئەو پارکە دەشکێنم!.شەوی پێشتر مشتوومڕمان لەسەر ئەو مەسەلەیە کردبوو،منیش زۆر ڕادیکاڵانە بڕوای خۆمم سەبارەت بەم کارە پێگووتبوو،لەبەر ئەوە ئیتر لەگەڵیدا، تاقەت وحەوسەڵەی مشتومڕم نەمابوو، بۆیە بەکورتیەکەی پێم وت"باسی ئەم مەسەلەیەم لا مەکەرەوە، تۆیش ئازادیت هەر کارێک دەکەیت پەیوەندی بەخۆتەوەیە".**

## دەست بەکار دەکات!

**شەوی دوایی،هەر کە دنیا تاریکداهات،بێژەن دیار نەما. منیش لەبەر مێشوولە خەوم زڕا بوو و نەمدەتوانی بخەوم .لەناکاو بێژەن لەماشێنێکی فیات کەپیاوێکی پیر(لەتەمەنی بابیدا بوو) دەیهاژوو، هاتە خوارێ!. ماڵئاواییان لەیەکتر کرد.بەدڵخۆشیەوە هات بۆ لام و وتی:"خەمت نەبێت ،دەورانی بێپارەیی و ڕسواییمان بەسەر چوو لەمەولا حەزمان لەچی کرد دەیکڕین!**
**وتم" شتی وا ناکام، تۆ زەحمەتت کێشاوە بۆ ئەو پارەیە وهیچ مافێکی منی پێوە نییە،لەبەر ئەوەقبووڵی ناکەم!".وەلێ ئەو بەو پەڕی بێزاریەوە وتی چەند جارێک پارەی سیگار وخواردنت داومەتێ، ئێستاش نۆبەتی منە تا پاداشتی چاکەکانت بدەمەوە، بۆ نا ؟!"**

**بازاڕی بیژەن گەرم بوو، مووشتەریەکانی بەر پارکەکەیان پێدەگرت.وەلێ شەوێکیان دوایین مووشتەری ،کوڕێکی هاوتەمەنی خۆی بوو،دیار بوو کوڵ وکەفەکەی بەدوان دادەمرکایەوە بۆیە جگە لەبیژەن ،دەیوویست یەکێکی تریش لەگەڵ خۆی ببات.وادیار بوو مرخی لەمنیش خۆشکردبوو.بۆیەبەپەنجە ئاماژەی بۆ من دەکرد! بەدەم قسەوە لەمن نزیک بوونەوە،گوێم لێبوو کەبیژەن پێی دەگووت:"مەچۆ و لێی مەپرسە،ئەو شتی وای پێناکرێت، دونیای ئەو دنیایەکی دیکەیە".کابرای ئیتالیایی پێی گووت:'من تا ئێستا کوردێک ئەفگانیەک ئێرانیەکی ئەم پارکانەم نەدیتووە،کەسێکسیان نەکردبێ .گەر وایە هاوڕێکەت لێرە چ دەکات،بۆ ناچێت بۆ شوێنێکی تر بخەوێت؟".**

## بەپێی پەتی تاستاشیۆن!

پێڵاوەکانم هێندە دڕا بوو کەئیدی بەکەڵکی لەپێکردن نەدەهات. بۆیە بێژەن ،جووتێک پێڵاوی زۆر هەرزانی بۆ کڕیم.بۆ شەوەکەی بیژەن دیسان خەریکی کاسپیەکەی بوو ،منیش خەومدەهات وهەر زوو کارتۆنەکەم ڕاخستوو و پێڵاوە تازەکانم کردە باڵشت.کاتژمێر چواری بەیانی بوو کاتێک بیژەن وەخەبەری هێنام و وتی" هەستە کووا پێڵاوەکانت؟!".هەستام ودیتم پێڵاوەکانمیان دزیوە.هەر چەندە دەوروپشت گەڕاین ،بەڵام سوودێکی نەبوو،ناچار خەوتینەوە.
بۆ بەیانیەکەی تا سانترالڵ ستاسیۆن بە پێی پەتی ڕۆیشتم.پاش ئەوەی پرسیارمان کرد کەدزەکانی ئەو پارکە کێ بن.دەرکەوت دزەکانی ئەو پارکەش مارۆکۆیین،یەکێکیان لەو ناوە بوو بەتوورەییەوە بەرەو پیری کەوتینەڕێ.ترسی لێنیشتبوو، هەر لەدوورەوە بیژەن کەوتە هەڕەشەکردن و هەوڵیدا پەلاماری کابرای مارۆکۆیی بدا،تاناچار،کابرای مۆرۆکۆیی لەترساندا وتی"تەنها نیوسەعاتم مۆڵەت بدەنێ دەچم کەوشەکانی بۆ دێنمەوە،ئەوە بوو هاوڕێیەکی لەلامان بەبارمتە دانا و پاش کەمتر لە نیو سەعات بەخۆی و گوێنیەک پێڵاوەوە سەروکەللەی پەیدا بووەوە و وتی" بمبەخشە براکەم ،گەر بمزانیبا،تۆیش وەک ئێمە موسوڵمانیت،پێڵاوەکانتم نەدەبرد،وامدەزانی سەلیبیت،سوپاس بۆ خوا هەقت نەفەوتا، پێڵاوەکەت کامەیان بوو، هەڵیگرە".پێڵاوەکەی خۆمم دۆزیەوە و لەپێم کرد.وەلێ سەیر دوو کوردی تر بوون، کەسەرەڕای ئەوەی پێڵاویشیان نەدزرا بوو، 2جووتیان لەگونیەکە دەرهێنا وپاشان یەکێکیان گەڕایەوە و جووتێکی تریشی برد!،ئەم دیمەنە، کابرای مارۆکۆیی (دزی)شۆکزەدە کرد و خستیەگریان!.

لەبوواری سیاسەتدا،کورد یەکێکە لەتێکشکاوترین وفاشلترین میللەتانی جیهان.ئایەندەی سیاسی کورد لەسایەی سیاسەتبازەکانیدا، وەک ئەسپێکی تۆپیووی لێهاتووە کە زیندووبوونەوەی مەحاڵە!.سەرەڕای ئەم ڕاستیە تاڵەش،کەمترین میلەتێک بەئەندازەی کورد باسی سیاسەت و پەتای سیاسەت گرتۆتیەوە. ئەگەر کوردێک پڕۆفیسۆر بێ وگەورەترین دەسکەوتی زانستیشی بەدەست هێنابێت و،تووخنی سیاسەت نەکەوێت ،گەر بەگەمژە نەزانرێت، ئەوا لەباشترین حاڵەتدا بەزیرەک وڕۆشنبیری نازانن!.پێدەچوو هەر ئەم بیردۆزە وایکردبێت، هەرچەندە مامۆستا هیوا بهاتبایەتە لام ،دەما و دەست دەبووا پاش چاک وچۆنی باسی سیاسەتی بکردایە.منیش هەمیشە باسی چخۆف وگۆگۆل ونیرۆدا وسارت وکامۆم بۆ دەکرد،تاڕۆژێکیان وتی"ئەرێ تۆ لەکورد ناکەیت دەنا باسی سیاسەتت دەکرد!".
منیش بە پێکەنینێکی تەوساویەوە وتم"جا گەربەباسکردنی سیاسەت بووایە ،کورد دەبووا لەبری ئامریکا، تاکە زلهێزی جیهان بووایە.نەخێر من قێزم لەسیاسەت وکلتووری سەدەکانی نێوەڕاست دێتەوە،قێزم لە ووشەی بەڕێز وسەرۆکی سوپەرمانی نەخوێندەوار دێتەوە،من لەتاو پۆخڵەواتی سیاسەت ودکتاتۆریەت ڕسوا لێرەدا کەوتووم ،تۆیش دەتەوێت باسی سیاسەت بکەین !؟،یان دێیت باسی موقەدەساتم بۆ دەکەیت!،کام موقەدەسات ؟
ئاخر موقەدەساتیکوردیش وەک موقەدەساتە ساختەکانی وڵاتانی دیکەی بەئیسلامکراوە!،بگرە خراپتریش!.هەر چۆنێک بێت ئەوان سەرکردەیەکی وایان بوو کەڕزگاریان بکات و دەوڵەتیان بۆ دروستکات،وەلێ ڕابەرە موقەدەسەکانی کورد چییان بۆ کورد کرد؟ دەوڵەتیان بۆ دانا؟دیموکراسیانە ڕەفتاریانکرد ومۆنۆپۆڵی دەسەڵاتیان نەکرد؟شەڕی نێوخۆیان نەکرد؟...دەمم مەکەرەوە،بڕۆ شەرەفخان بخوێنەوە بزانە پیشەمان چی بووە!!. مامۆستا هیوا بۆچوونە یاخیبووەکانمی بۆ سەرنج ڕاکێش بوون،بۆیە هەر دەرفەتێکی بووایە دەهاتە لام،وەلی ئیدی تەنها باسی ئەدەبیات و مۆسیقامان دەکرد.

کەمامۆستامان لەگەڵدا بووایە،بیژەن بۆکاسپیکردن دەچوو بۆ پارکەکەی تر، ئەمشەو بیژەن بۆ پارکەکەی ئەولا ڕۆیشت و،بەر لەوە ووتی: زۆرم پێناچێ 2ی شەو دەگەڕێمەوە. دوای ئەو بەسەعاتێک، مامۆستاهیواش دیار نەما. نزیکی 12 شەو خەوتم.کاتژمێر4 بەیانی وەخەبەرهاتم، بینیم جێگاکەی بیژەن و مامۆستا چۆڵە!.خەوم لێنەکەوتەوە نەمدەزانی بۆ کوێ بچم! زۆر نیگەرانی هەردووکیان بووم ئاخر مامۆستا هیواش کەسێکی باش و بەڕێز بوو. کاتژمێری 8 بەیانی بێژەن بەتێکشکاوی وپەشۆکاوی پەیدا بوو. نەمهێشت هەناسەیەک بداو ،ڕێک بەتووڕەییەوە پێم وت"ئەفەندی وادیارە پیاوبازی، نەک من ،بگرە دنیایشی لەبیر بردوویتەوە؟ من تا ئێستا نیگەرانت بووم ، بۆ وا شەپۆکاویت،چیت بەسەر هاتووە؟.

- بەدەم گریانەوە"دوێنی شەو لەپارکەکەی ئەولا کابرای سەرخۆشی کەجار جارە ،لەگەڵ مامۆستادا قسەی دەکرد،منی سەرخست. وتم چۆنە ئەمشەو تەنها بەمن بەسەندە دەکەیت؟،کەچی وتی ئاخر بەر لەتۆ یەکێکی ترم بردۆتە ماڵەوە. کەچوومە ژوورەوە دیتم مامۆستا هیوا بەڕووت وقووتی لەژووری نوستنەکەیدا ڕاکشاوە! دوچاری شۆک بووم،ویستم خەبەری نەکەمەوە وبەدزیەوە بڕۆمە دەرێ،کەچی تەق و ووڕی کابرای ئیتالیایی ، مامۆستای وەخەبەر هێناو ئیدی بۆ جەند ساتێک بێدەنگیەک باڵی بەسەرماندا کێشاو.چوومە ژوورەکەی خوارێ ، تا مامۆستا جلەکانی لەبەر بکاتەوە.پاشان کە هاتە سالۆنەکە ومنی بینی فرمێسک لەچاوەکانمدا قەتیس مابوون ، دایە پڕمەی گریان و ڕێک چووە دەرەوە. منیش خێرا خۆم پێڕاگیر نەکراو بەدواییدا چوومە دەرێ.کابرای ئیتالیایی ئەو دیمەنەی پێ سەیر بوو،بە ئینگلیزیەکی تێکشکاو Where?,Why? بوو.منیش بەدەم گریانەوە،چوومە دەرێ.بەگریانەوە بانگی مامۆستام دەکرد،کەچی وەڵامی نەدەدامەوە،تا گەیشتمە لای.مامۆستا سەری داخستبوو،باوەشم پیاکرد و پڕمەی گریانی، منیشی پەرێشانتر کرد.چەند ساتێک بەکووڵ بەسەر یەکتریدا دەگریاین.پاشان تا بەر لەوەی بێم بۆ لای تۆ قسەمان دەکرد و ئەوجا تکای لێکردم کە، بەتەنیا جێی بهێڵم وئەم داستانەش لای کەس بەتایبەت تۆ نەدرکێنم".

چەند سەعاتێک خەوتین و پاشان بۆ نانخواردن بەرەو کەلیسا کەوتینە ڕێ،زۆرمان چاو گێڕا مامۆستامان نەدی! ترساین کە شتێکی لەخۆی کردبێ، هەر یەکەو بەرەو لایەک کەوتینە گەڕان بەشوێنیدا، بڕیارماندا شەو لەپارکەکە یەک بگرینەوە.ڕاکشانی پیاوێک لەژێر پردێکدا،سەرنجی ڕاکێشام،کەنزیک بوومەوە ،بینیم مامۆستا هیوایە،حاڵ وسەروسیمای زۆر شێواو وهەرلەجۆنکیەکانی دەکرد. لەتەنیشتیەوە دانیشتم، دڵم نەهات خەبەری وەکەم، تا دووای سەعاتێک وەخەبەر هات.کەچاوی هەڵهینا بەزەردەخەنەیەکەوە وتم"مامۆستا گیان چۆنیت؟ دەزانی لەکەنگێوە بەشوێنتدا دەگەڕێین! تۆ وادەزانی کەس نیگەرانت نیە؟"

_لێم گەڕێ(بەدەمگریانەوە) ،کەسی چی ،من نامەوێت کەس ببینم ،ڕووم نیە کەس ببینم،تەنها بۆ مردن باشم.ئیترمن مامۆستا نیم،نەوەکان دەبێت چیم لێوە فێر بن و وانەی چییان پێ بڵێمەوە؟وانەی لەشفرۆشی و پیاوبازی؟... تف ،تف لەسیاسەت،تف لەسەدام وبایکۆت،تف لەقارەمانانی شەڕی نێوخۆی کوردستان،تف لەپەناهەندەیی،تف لە....! لێمگەڕێ...توانای بینینی کەسم نەماوە ولەدنیا پڕم...لێمگەڕێ...!

_ڕۆژی دووایی بەلای هەمان پر دا چووین بۆ کەلیسا،زۆرمان چاو گێڕا، وەلێ ئیدی بۆ هەمیشە مامۆستامان نەبینینەوە...!.

Den_Bosch

,15_08_04